# گێڕانەوەی برین، برینی گێڕانەوە

خوێندنەوەیەکی "پاشگێڕانەوەیی" بۆ نۆڤلێتی "میاو"ی جێگر بەختیار

**دڵشاد هیوا**




٤ی ئەیلولی ٢٠٢٥ وتار

**پێشەکی**

ئەدەبیات، زیاتر لەوەی ڕەنگدانەوەی جیهان بێت، ڕێگەیەکە بۆ ئافراندنەوەی جیهان؛ جیهانێک کە هاوکات، واقیعی، دەروونی، سیمبۆلیک، مێژوویی و زمانییە. لەم نێوانەدا، گێڕانەوەی چیرۆک بە تایبەتی چیرۆکی درێژ، ئەو دەرفەتە فەراهەم دەکات کە ئەزموونەکانی مرۆڤ لە قووڵترین توێژەکانی بوونیدا پیشان بدرێن؛ بە تایبەتی کاتێک دەق لە فۆرمە ئاساییەکان تێدەپەڕێت و دەچێتە ناو قەڵەمڕەوی برینی دەروونی، تێکشاندنی

زمانی، قەیرانی ناسنامە و یادەوەرییە سانسۆرکراوەکانەوە. نۆڤلێتی "میاو"[1] ڕێك لە هەمان ئەو قەڵەمڕەوەدا هەناسە دەدات: دەقێکی چەندتوێژ، تاریک، بریندار و بەرخۆدەر، کە نەک تەنیا لە ئاستی گێڕانەوەدا، بەڵکوو لە ژێر پێکهاتەی خۆیدا، خوێنەر بەرەو ئاڵنگارییەکی بوونخوازانە، کولتووری، دەروونی و سیاسی بانگهێشت دەکات.

لەم نێوەندەدا، ناونیشانی "گێڕانەوەی برین، برینی گێڕانەوە" نیشاندەری دوو ڕووی بنەڕەتیی بەرهەمەکەیە: لەلایەکەوە، نۆڤلێتەکە برینێک دەگێڕێتەوە ـــ برینی کەسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و دەروونی— لە لایەکی دیکەشەوە، خودی گێڕانەوە لەم دەقەدا وەک پێکهاتەیەکی زمانی و فۆڕمی، بریندار، ناتەواو و لێکپچڕاو دەردەکەوێت. ئەم دژیەکی و هاویەکییە، شێوە بە بناغەی شیکردنەوەکەمان دەدات: "گێڕانەوەی برین" لە هەناوی «برینی گێڕانەوە"دا. چوونکە هەر وشەیەک، هەر وچانێک، هەر بێدەنگییەک لەم دەقەدا هەڵگری جۆرێک لە ئازار، نکۆڵیکردن، یان فرەزمانییە؛ وەک ئەوەی زمان ئامرازێك نەبێت بۆ نواندنەوە، بەڵکوو خودی خۆی وەک شوێنێك بێت بۆ قەیرانێك.

بۆیە، دەتوانرێت ئەم شیکردنەوەیە بە "خوێندنەوەیەکی پاشگێڕانەوەیی"(post-narrative) دابنرێت؛ شیکردنەوەیەک کە گێڕانەوە، نەك وەک کارێکی سەپێنراو و جێگیر، بەڵکوو وەك کردەیەکی پرۆبلێماتیک، داڕوخاو و لەرزۆک لەبەرچاو دەگرێت. لەم خوێندنەوەیەدا، ئامانج گەڕاندنەوەی مانای لەدەستچوو نییە، لە ڕاستیدا ئامانج، ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ لێکپچڕانە پێکهێنەرەکان، بێدەنگییە ڕیشەکەنکراوەکان و زمانگرتنە دەروونییەکاندا. "میاو" لەم خوێندنەوەیەدا، ئیتر تەنیا چیرۆکێک نییە لەبارەی کەسێک یان دۆخێکەوە، ئەمە دەقێکە خودی گێڕانەوە وەک مەیدانی ناکۆکی زمانی، دەروونی و مێژوویی دەخاتەوە ڕوو؛ دەقێک کە بەتەنیا ناگێڕێتەوە، بەڵکوو گێڕانەوە دەخاتە بەردەم سووانەوە، تا لە هەناوی هەمان ئەم سووانەدا، دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە لە بوون و زمان بڕەخسێت.

ئەم سیستەمی پاشگێڕانەوەییە لە "میاو"دا، لە ڕەخنەیەکی ئەدەبی سەرترە؛ ئەمە پرۆژەیەکی جوانیناسانەیە، کە پرسیاری بنەڕەتی لە سەر ئەرکی ئەدەبیات لە سەردەمی ئێمەدا دەخاتە ڕوو. کاتێک زمانە نەریتییەکانی دەسەڵات، سیاسەت و کولتوور لە قەیراندان، ئەدەبیات چۆن دەتوانێت وەك دەنگێکی ڕاستگۆ بمێنێتەوە؟ وەڵامی نۆڤلێتی "میاو" ئەوەیە کە

[1] جێگر بەختیار، *میاو*، هەولێر: ناوەندی ڕۆشنبیریی مەم و زین، 2025.

به تێکدانی خۆی، بە ئاشـــکراکردنی برینەکانی خۆی، بە ڕەتکردنەوەی هەموو شـــێوەکانی دڵنیایی، دەتوانێت بگاتە ڕاستییەکی نوێ ـ ڕاستیی برین، ڕاستیی ژان و ڕاستی بێدەنگی.

هەربۆیە، "میاو" تەنیا چیرۆکێك نییە، بەڵکوو مانیفێســتێکی جوانیناســانەیە بۆ ڕۆڵی نوێی ئەدەبیات لە جیهانی پۆســـتمۆدێرندا؛ جیهانێک کە تێیدا مانا پارچەپارچەیە، ناســـنامە لەرزۆکە و زمان لە قەیراندایە. لەم ڕووەوە، "برینی گێڕانەوە" لە "میاو"دا تەنیا نیشـــانەی شـکست نییە؛ نیشـانەی ئازاییشـە ـــــ ئازایی بەرەنگاربوونەوەی زمان لەگەڵ سنوورەکانی خۆیدا، ئازایی ئاشکراکردن و دۆزینەوەی دەرفەتە نوێیەکان لە ناو داڕووخانی کۆندا.

ئەم نۆڤڵێتەی جێگر بەختیار، چیرۆکی تێکشـکانە، بەڵام ئەم تێکشـکانە گێڕانەوەیی یان تەکنیکی نییە، بەڵکوو شـکانی جیهان، شـکانی مانا، شـکانی پەیوەندی و شـکانی زمانە. لەم بەرهەمەدا، ئێمە لەگەڵ جۆرێک لە "ئەدەبیاتی شـکست"دا ڕووبەڕووین، کە وەک دەرفەتی بەرەنگـاری، بیرکردنەوە و پێنـاســـەکردنـەوەی ئەزموونەکـانی مرۆڤ دەردەکەوێـت. لە "میاو"دا، جەســـتە تـەنیا هەڵگری ئارەزوو نییە، لە هەمان کاتدا گۆڕەپانی جەنگە؛ زمان، تـەنیـا ئـامرازی پەیوەنـدی نییـە، گۆڕەپـانی زمـانگرتن، دووبـارەبوونەوە و بێدەنگیشــــە؛ یادەوەرییش، تەنیا شوێنی یادهێنانەوە نییە، لە ڕاستیدا خۆڵەمێشی لەبیرچوونەوە و سانسۆرە. ئەم نۆڤڵێتە بە تێکدانی پلەبەپلەی گونجانە کەســـێتی، کاتی و زمانییەکان، دەگاتە ئافراندنی دەقێک، کە بەر لەوەی گێڕەرەوە بێت، خودی گێڕانەوەیە؛ واتە لەبریی ئەوەی ببێتە ئاوێنەی واقیعییەت، ئافرێنەری ڕاستییەکی نوێیە لە دڵی کەلاوەکانی واقیعییەتەوە.

لە زەمینـەیەکی وەهـادا، نـاتوانرێ بـەتـەنیـا لە ڕوانگەی نەریتی ڕەخنەی ئەدەبییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم نۆڤڵێتەدا بکرێت. چونکە ئەم دەقە پێویستی بە ئامرازی تیۆری و شیکاریی فرەچەشـــن و پێشـــکەوتووە؛ لە ڕەخنەی بونیادخوازییەوە بگرە، کە پەیوەندییەکانی ناوەوەی پارچەکانی دەق لەبەرچاو دەگرێت، تا ڕێبازەکانی پاش بونیادخوازی، کە جەخت لە نەبوونی یەکگرتوویی، لێکپچڕان و چەنـدکـارەکتـەری و فرەمـانـایی (polyvalence) لە دەقـدا دەکەنەوە. لە تیۆرییە دەروونشـــیکارییەکانەوە بگرە، بە تایبەتی ئەوەی لە فرۆید، لاکان و کریستێڤاوە فێر بووین لەبارەی نەست، ئۆبژەی ئارەزوو و زمانی بریندارەوە؛ تا شیکردنەوە فێمینیسـتییەکان کە جەسـتە، ڕەگەز و ئارەزوو وەک بوارەکانی زەوتکردن و بەرەنگاری لە ناوەندی ســـەرنجدا دادەنێن. لە پاڵ ئەمانەوە، ڕەخنەی پاشـــئیمپریالیســـتی و کولتووری، بە تایبەتی لە بەستێنی زمان و ناسنامەی کوردیدا، دەرفەتی زۆرتر بۆ کۆدشکاندنی گێڕانەوەکە دەڕەخسێنێت.

لەبەر ئەمە، ئەم نووسینە هەوڵی داوە بە پشتبەستن بەم سیستەمە تیۆرییە جۆراوجۆر و ئاڵۆزانە، خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە، ورد و چەندتوێژ لەبارەی نۆڤڵێتی "میاو"ی جێگر بەختیارەوە بخاتە ڕوو. هەربۆیە، پێکهاتەی ئەم ڕەخنەیە لەسەر حەوت تەوەری سەرەکی دامەزراوە: پێکهاتە و گێڕانەوە، کەسایەتییەکان، شێواز و زمان، بابەتمەندی (تێماتیك)، زەمینەسازی مێژوویی و کولتووری، چەمکی دەئقاوێزان و لە کۆتاییشدا بەرەنجامێك. هەر یەکێک لەم بەشانەش، بە دیدێکی شیکاری و بە سوودوەرگرتن لە دەستەواژە تەکنیکییەکان (لە کەوانەدا بە زمانی فەڕەنسی) نووسراون، تا هاوکات لەگەڵ ڕامان لە دەقەکە، لە ئاستێکی بەرزتردا، خوێندنەوە، لێکدانەوە و ئەفراندنەوەی بۆ بکرێت.

لە سایەی ئەم تێڕوانینە ڕەخنەییەدا، لە درێژەدا دەبینینەوە کە "میاو" بەتەنیا بەرهەمێک نییە بۆ خوێندنەوە، بەڵکوو فەزایەکە بۆ ژیان و ئەزموونکردنی سنوورەکانی تێگەیشتن. بەجۆرێك لە ڕێگەی وشەکانیەوە، ئازارە زەوتکراوەکان، برینە مێژووییەکان و بێدەنگییە کۆنەکان دێنە گۆ و بەردەنگ بەرەو جیهانێک ڕادەکێشن، کە تێیدا، گێڕانەوە بێجگە لەوەی دەبێتە ئامرازێک بۆ هەڵاتن لە واقیعیەت، هەروەها دەشبێتە ئامرازی دۆزینەوە، ئاشکراکردن و ڕاگرتن لە بەرامبەر ئەو واقیعیەتەدا. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم کە ئەم پێشەکییە، بانگهێشتێکە بۆ چوونە ناو دڵی ئەم جیهانە ئاڵۆز، بریندار و گڕگرتووەوە.

### نابەردەوامی و لێکپچڕان: پێکهاتەی ناجێگیر و ناکردەیی لە گێڕانەوەدا

نۆڤڵێتی "میاو" وەک گێڕانەوەیەکی دارمانی ناوەوە، خاوەنی پێکهاتە (structure)یەکە، کە بێجگە لەوەی بە مەبەست، لە نەخشە کلاسیکییەکان و سیستەمە نەریتییەکان دابڕاوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ڕیشەیی دەیاننووسێتەوە و دەیانخاتەوە ژێر پرسیارەوە. ئەم گێڕانەوە چەندچینییە، بە ئاگاییەوە گونجان و یەکگرتوویی دەقەکە هەڵدەپەسێرێت و بە هەڵبژاردنی شێوازی شەپۆلی هۆش، بەردەنگ فڕێ دەداتە قووڵایی دەروونی شێواو و زەینی پارچەپارچەبووی کەسایەتیی سەرەکییەوە. لەم گێڕانەوەیەدا، کات نە هێڵەکی (linéaire)یە و نە تەنانەت بازنەیی (circulaire)؛ بەڵکوو تەپۆڵکەیەکە لە ساتە پەرتوبڵاوەکان و بیرخەرەوەی یادەوەرییەکان، ترس، خەیاڵ، تراوماکانی منداڵی و وەسوەسەکانی مێشک، کە لە جیاتی پەرەدان بە چیرۆکەکە، کەڵەکەبوونی دەروونی دروست دەکەن.

نۆڤڵێتی "میاو" دەبێت وەک دەقێک دابنرێت کە بە شێوەیەکی هەڵتەکێنەر ڕووبەڕووی گێڕانەوەی کلاسیک دەبێتەوە و بە سوودوەرگرتن لە ستراتیژییە ئاڵۆزەکانی گێڕانەوە،

پێکهاتەیەک دەخاتە بەردەممان کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەربڕی ناوەرۆکە دەروونشێواوەکەی چیرۆکەکەیە، خودی پێکهاتەکە، هەڵگری دەروونشێواوی لێکپچڕانیشە. وەك گوتمان، گێڕانەوە لەم چیرۆکەدا نە هێڵەکی، نە هۆکارەیی ــــ کاتەکی (chronologique-causale) یە، گێڕانەوە لێرەدا لەسەر لۆژیکی نابەردەوامی (discontinuité)و کەموکورتی لەبەدوایەکداهاتنی گێرانەوە بونیات نراوە؛ واتە سیستەمێك کە خۆی لە ناو ئاژاوەدا دەپارێزێت.

گۆشەنیگا لەم نۆڤلێتەدا بەزۆری یەکەم کەسە، بەڵام ئەم یەکەم کەسە، لە زۆرێك لە ساتەکاندا دەبێتە سوژەیەکی ناجێگیر، کە سنوورەکانی نێوان "منی گێڕەرەوە" ( je narratif) و "منی ڕووداوەیی" (je événementiel) لەناو دەبات. لێرەدا لەگەڵ شێوەیەکی تایبەتی لە "مۆنۆلۆگی ناوەکیی بریندار"دا ڕووبەڕووین، کە گێرانەوە لە ئاستی واقیعگەرایانەوە بەرەو ئاستێکی دیاردەناسانە و زمانی بەرز دەکاتەوە. گێڕەرەوە لێرەدا، ڕاپۆرتەری واقیعیەت نییە، بەڵکوو جەستەیەکی بریندارە، کە لە گەڕان بەدوای مانادا، وشە بە وشە پێش دەچێت و هاوکات لەگەڵ گێرانەوەدا، خۆی دروست دەکاتەوە.

گێڕەرەوەی یەکەم کەس، کە هەندێک جار بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو لەگەڵ سێیەم کەسی دەروونیبوو (intériorisée)دا تێکەڵ دەبێت، دەبێتە ئامرازی نمایشکردنەوەی دەروونشێواوی و قەیرانی ناسنامە. ئەم سنووردەستنیشانکردنە ناڕوونەش لە نێوان جێناوی یەکەم و سێیەمدا، ڕەنگدانەوەیەکە لە کەلێنی بوونناسانەی خۆئاگاییە تاکەکەسییەکەی گێڕەرەوەدا؛ کەلێنێك کە لە نێوان تێگەیشتن و نمایشکردنەوەدا، لە نێوان جەستە و زماندا، لە نێوان یادەوەری و واقیعیەتدا درزی بردووە و خەریکە دەڕووخێت.

گۆشەنیگا لە "میاو"دا بە شێوەیەکی ڕیشەیی ناجێگیر و بزۆکە. گێڕانەوە لە دۆخی بەردەوامترینی گواستنەوەدایە لە نێوان ڕاستی و خەیاڵ، یادەوەری و وەهم و ئێستا و ڕابردوودا. هیچ دڵنیاییەک لە گێڕانەوەدا بوونی نییە؛ ئەوەی دەرکەوتووە، لەرزینە لە پێکهاتەی تێگەیشتنی کەسایەتی و داڕووخانی سنوورەکانی نمایشکردنەوەدا. ئەم شێوازە، ئەزموونێکی ئەدەبیی وا دەستەبەر دەکات، کە لە یاسا و ڕێسا کلاسیکییەکان خۆی بەدوور دەگرێت و دەچێتە ناو بواری ناپارێزراوی ئەدەبیاتی پاشپێکهاتەخوازانە و دەروونشیکارانەوە؛ شوێنێک کە گێرانەوە ئیتر هەڵگری ڕاستی نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی داڕووخانی ڕاستییە لە مێشکی سوژەی قەیرانمەندا.

لە ئاستی ڕێکخستنی کاتیدا، "میاو" بە ئاشکرا لە لۆژیکی هێڵەکیی نابەردەوام جیا دەبێتەوە و دەچێتە ناو پێکهاتەی ناهێڵەکی (structure non-linéaire)یەوە. گێڕانەوە بە

پاشـــگەڕانەوە یەکلەدوای یەکەکان و پێشـــچوونە ناتەواوەکان، بە جێگیری نامێنێتەوە. کات، پارچەپارچە، شکاو و تێکەڵ و پێکەڵە و لەبری ئەوەی ئامرازی دەربڕینی ڕووداوەکان بێت، ئامرازێکە بۆ دروستکردنەوەی دەروونی گێڕەرەوە. لەم کاتە تێکشکاوەدا، ڕابردوو و ئێستا تێکەڵ دەبن و ســـنوورەکانی نێوان یادەوەری و ڕووداو دەڕووخێن؛ بەجۆرێک کە گێڕانەوە بەدرێژاییی چیرۆکەکە، زیاتر گێڕانەوەیەکی خەونەکی (récit onirique)یە تا باســـکردنی ژیانێك.

تەکنیکێکی سەرنجڕاکیش لای نووسەری ئەم دەقە، سڕینەوەی بەمەبەست و شکستی ئـاگـامـەنـدانـەیـە لە گێڕانەوەدا. جێگر بـەختیـار، چـەنـدین جـار گێڕانـەوە بـە نـاتـەواوی جێ دەهێڵێـت، لە گوتن دەوەســـتێـت، یـان دەگەڕێتەوە بۆ خـاڵێـک کە پێشـــتر تێیدا بووە. ئەم دووبـارەبوونـەوە شـــێوە دڕدۆنگییـە لەلایەکەوە نیشـــانـەی بـەرکـەوتنی زیـانی دەروونیی بـە گێڕەرە و لەلایەکی دیکەوە، تـەکنیکێکـە بۆ ڕەتکردنەوەی گێڕانەوەیـەکی دڵنیـا و جێگیر. گێڕەرەوە، لەجیاتی ئەوەی لە ڕێگای هۆکـارەوە بەرەو مـانـا بجووڵێت، بەردەوام تووشـــی خولانەوەیەك دەبێت، کە نە دەگاتە بەردەوامی و نە دەبێتە لێکپچڕانێکی تەواو.

لایەنێکی تری پێکهاتەی گێڕانەوەی ئەم نۆڤلێتە، ڕووبەڕووبوونەوەی دژواریی نێوان بەدەنگهاتن و بێدەنگییە. چیرۆکەکە پڕە لە شـــوێنانێـک کە گێڕەرەوە دەگاتە لێواری گوتن، بەڵام دەگەڕێتەوە، بێدەنـگ دەبێت، یان بە درکە و ئاماژەوە لێی تێدەپەڕێت. ئەم گێڕانەوەیەی بێـدەنگی (narration du silence)یـە نیشـــانـەی بێتوانـایی نییـە، بەڵکوو هەڵبژاردنێکی جوانیناســـانەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاری نەکردەی زمانیدا؛ واتە کارگەلێکی وەک ئازار، شەهوەت، ترس و گوناه کە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ بگێڕدرێنەوە.

لە ئاســـتی فۆڕمیدا، نۆڤلێتی "میاو" فۆڕمێکی گێڕانەوەی داخراوی نییە، لە ڕاســـتیدا گێڕانەوەیەکی کراوە و دینـامیکیی هەیە، کە ڕێگە بە خوێنەر دەدات بۆ دەســـتتێوەردان، لێکدانەوە و دروسـتکردنەوەی گێڕانەوە. ئەم فۆڕمە، پێکهاتەیەکی پۆسـتمۆدێرنی گێڕانەوە وەبیر دێنێتەوە؛ واتە شـوێنێک کە گێڕانەوە نەک تەنیا لە وشـەکاندا، بەڵکوو لە بۆشـاییەکان، لێبڕینەکان و بەرهەمە نەنووسراوەکانیشدا ئامادەیە.

بەڵام توێژێکی قووڵتر، کە شـیکردنەوەی پێکهاتەی گێڕانەوەی "میاو" دەکاتە شـتێکی پێویست، پەیوەندیی گێڕانەوە لەگەڵ لێکپچڕانە جوانیناسانەکان و کەلێنە ماناییەکانە. ئێمە لەم چیرۆکەدا لەگەڵ جۆرێـک لە "گێڕانەوەی داڕووخـاو"دا ڕووبەڕووین کـە لـە جیـاتی ئـەوەی چیرۆکێك بـە بـەڵگە و لۆژیك بگێڕێتـەوە، خودی هـەمـان ڕێڕەوی چیرۆکـەکـە دەخـاتـە ژێر پرســـیارەوە و لۆژیکەکەی لێ تێك دەدات. لە هەر شـــوێنێکدا کە چاوەڕوانی پەیوەندییەکی

گێڕانەوەیی یان کردنەوەی گرێیەك دەکەین، تووشـــی ڕۆچوون لە وردەکاریی دڕدۆنگییانە، گەڕانەوە بۆ یـادەوەرییەکی لاوەکی یـان کـەلێنی فۆڕمی دەبینــەوە، کە مەبەســـــت لێی بێدەنگبوون، ڕامان و داڕووخانە.

جگە لەوەش، گێڕانەوە لە "میاو"دا دیاردەیەکە، کە هاوکات لە باری پەرەسـەندن و لە باری ڕەتکردنەوەشدایە؛ ئەم دووانەییبوونە دەتوانرێت بە جۆرێک بە "دژەگێڕانەوەخوازیی پێکهاتەیی" (anti-narrativité structurelle) ناوببرێت، کە گێڕانەوە تێیدا جگە لەوەی وەك شێوەی گواستنەوەی ئەزموونیش دەردەکەوێت؛ لە هەمان کاتدا وەک گۆڕەپانی ناکۆکیی نێوان یادەوەری، لەبیرچوونەوە، ترس و وشە شکستخواردووەکانیش خۆی پیشان دەدات.

بۆیــە دەتوانین بڵێین کـە پێکهـاتە و گێڕانەوە لە نۆڤڵێتی "میـاو"دا خۆیـان بوونەتە پرســـیارێـک لـەبـارەی توانـای گێڕانەوەوە. ئەم دەقە، بەدوای حیکـایەتخوانی و گونجـانی مـانـاییـیـەوە نییـە، بەڵکوو بەدوای ئـاشـــکراکردنەوەیـە: ئـاشـــکراکردنی بێبەنـایی زمـان، ڕیشـــەکێشـــکردنی گێڕەرەوە و نـابـەردەوامیی بنەڕەتی نێوان ئەزموون و دەربڕین. لەم ئاشکراکردنەشدا، "میاو" دەبێتە دەقێک، کە هەم دەگێڕێتەوە و هەم گێڕانەوەش دەنووسێتەوە؛ ئەمەش بۆ پیشاندانی برینی مانایە، نەك دروستکردنی مانا.

بە گشـــتی، پێکهاتەی چیرۆکەکە بە دووری لە گێڕانەوەی هێڵەکی و بە بەکارهێنانی فێڵەکـانی چنینی تـاکپـارچـەیی، تـاکوێژیی نـاوەکی، گەڕانەوە بـەردەوامـەکـانی کـات، دووبارەکردنەوەی وشە سەرەکییەکان و تێکشکانە بەدوای یەکەکانی گۆشـەنیگا، جۆرێک لە "نووسـین لە سـنوور" دروسـت دەکات، کە ڕەنگدەرەوەی ئەزموونی ژیاوی سـوژەیەکی لاکەوتە و پـەراوێزی، دەروونشـــێواو و تراوماتیزەکراو لە بەســـتێنی زمانێکی نـادڵنیا و نائارامە.

**کارەکتەر یان برین؟: ئارشیتێکتی برینە دەروونییەکان و داڕمانی من لە گێڕانەوەدا**

"میاو" لە ناوکەی خۆیەوە، گێڕانەوەیەکە لە داڕوخانی کەسایەتیی مرۆیی لە بەرامبەر کەڵەکەبوونی یادەوەریی لەبیرنەکراو و قەیرانە چارەسەرنەکراوەکاندا. کەسایەتیی سەرەکی، پیاوێکە لەنێو دۆخێکی دەروونیی دژواردا، گیری بـەدەســـت تێکچوونی دووجەمســـەری (trouble bipolaire) و پارانۆییدەوە خواردووە، کە هەموو کردار، تێگەیشـتن و تەنانەت یـادەوەرییەکـانیشـــی لە بـەســـتێنێکی دەروونشـــێواوانـەی درێژخـایـەنـدا (psychose chronique)دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو بەرجەستەبووی خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی بریندارە،

که لە سەردەمی منداڵیی خۆیدا بە ڕەتکردنەوەی لەلایەن دایک و باوک، سوودلێبینی خراپی سێکسی، میزبەخۆداکردنی شەوانە، سووکایەتی جەستەیی و دەروونی و توندوتیژییەکانی ماڵەوە، هەڵسوکەوتی خراپی هاوڕێکانی قوتابخانە و زانکۆ، شێوەی خۆی وەرگرتووە و هەرگیز دەرفەتێکی بۆ بونیادنانەوە نەبووە.

شیکردنەوەی دەروونشیکارییانەی ئەم کەسایەتییە ئەوە دەردەخات، کە مێشکی بە توندی سەرقاڵی پیشاندانەوەی نەستی سەرکوتکراوە. ئەوەی لە گێڕانەوەکەدا دەردەکەوێت، ئاوێنەی واقیعییەتێکی دەرەکی نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەیەکی سیمبۆلیکی منی ناوەکیی هەڵوەشاوەیە. پەیوەندی ئەو لەگەڵ ژناندا - بەتایبەتی کەسایەتییەکانی وەک ئەسرین، نەشمیل، مامۆستا چنار، دایک و تەنانەت هاوسەری پێشوو - لە قاڵبی کردەوەگەلێکی نێوان خۆشەویستی و توندوتیژی، ئارەزوو و ڕق، پەرستن و ترس و نزیکایەتی و تەنیاییدا دەردەکەوێت. ئەم ژنانە، لە ڕاستیدا، بێجگە لەوەی سوژەی سەربەخۆن، لە هەمان کاتدا "پارچەکانی دەروون"ی کەسایەتیی سەرەکین، بەجۆرێ کە هەریەکەیان دەرکەوتنی یەکێک لە قەیرانە چارەسەرنەکراوەکانی ئەون.

کەسایەتیی ئەسرین، دەتوانرێت وەک ڕەنگدانەوەی پێداویستی بۆ ڕزگاری و نزیکایەتیی سۆزداری ببینرێت، ئەمە لە کاتێکدایە، نەشمیل بە جەستە منداڵانەکەیەوە، برینی قووڵی سەرکوتکردنی ئارەزووی سێکسی و دەستدرێژیی شاراوە بیری مرۆڤ دەخاتەوە. دایک، دووالیزمێکی ئاڵۆزە: لەلایەکەوە هێمای خۆشەویستیی سەرەتایی و پەناگای منداڵانەیە و لەلایەکی دیکەوە دەبێتە ئۆبژەیەکی سێکسی و توخمی خیانەت، کە لە نەستی تاکدا، ناسنامە و سنوورە ڕەوشتییەکان لێك دەترازێنێت. هاوسەریش، بەرجەستەکەری پەیوەندییەکی شکستخواردووە لە جیهانی دەرەوەدا، لە کاتێکدا نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەودا لە شکستی قووڵی سوژەوە دێت لە بەستنەوەی لەگەڵ واقیعەتدا.

کەسایەتییەکانی دیکەی وەک کاک سلێمان، کاك عەباس، باوك، هاوڕێ هاوژوورەکانی بەشەناوخۆیی و تەنانەت ئەو منداڵانەی لە هەندێ شوێندا دەردەکەون، لە سیستەمی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، تەنیا کەسانێکی پەراوێزی نین، بەڵکوو هەریەکەیان ڕۆڵێکی خوزاەکییان هەیە. بەتایبەتی کاک سلێمان، کە لە نەستی کەسایەتیی خۆیدا، بووەتە دڕندەیەکی دەستدرێژکار و هاوکات لە زمانی چیرۆکەکەدا، وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ یەکگرتوویی زەینی و ڕەوشتیی سوژە کار دەکات. بۆیە ئەو بێجگە لەوەی هۆکاری لادانی ڕەوشتییە، توخمێکیشە بۆ تێکدانی بنچینەی خێزان، پێکهاتەی دەسەڵات و سنوورەکانی متمانە.

به دەربڕینێکی وردتر، ئەم کەســــایەتییانە لە قـاڵبی ئـارشــیتێکتی دەروونبرینی (architecture des traumatismes)[2]دا شێوەیان پێ دراوە، نەك لەسـەر بنەمای کرداره کلاســیکییەکـانی چیرۆکنووســـی. هەریەکێ لـەمـانـە، دەنگدانەوەی خوازەکیی برینێکی دەروونییە، جا ئەو برینە لە یادەوەریی زەوتکراوەوە هاتبێت، یان لە ئەزموونێکی بینراوەوە. بەم شـــێوەیە، پەیڕەوی کەســـایەتی دروســـتکردن لە "میاو"دا لەســـەر بنەمای تەکنیکی دەروونــپــەرتــی (dissémination psychique)[3] و گــێــڕانەوەی نــاســــنــامەی پارچەپارچە[4](fragmentation identitaire) دامەزراوە. ســوژەی چیرۆکەکە، لە جیاتی دروســتکردنی پەیوەندییەکی دەرەکی لەگەڵ جیهاندا، بەردەوام لە باری گەڕاندنەوەی پارچە داڕووخاوەکانی دەروونی خۆیەتی و لەم نێوانەدا، هەر کەسایەتییەک ئامرازێکە بۆ ناسینەوە یان کولاندنەوەی ئەو برینانە.

بە گشـــتی، کـارەکتـەرســـازی لەم چیرۆکەدا هـاوکـات لـەگـەڵ ئـەوەی لە خزمـەتی بەرەوپێشـبردنی پلۆتەکەدایە، ڕەنگدانەوەی دەروونناسییەکی ڕەخنەگرانە و سـوبژێکتیڤیشـە. بەردەنـگ، لە پێگەی چاودێرەوە، لە جیاتی گێڕانـەوە، لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کەسایەتییانەدا، ڕێگە بۆ دەروونشیکاریی گێڕانەوە خۆش دەکات.

لەســـەر ئەم بنەمایە دەکرێ بڵێین لە نۆڤلێتی "میاو"دا، کەســـایەتییەکان ســـەرچاوەی دەروونشـــێواوی، قەیرانی ناســـنامە و شـــەڕی کولتووری ـــــ کۆمەڵایەتین. ئەوان وەک خاڵگەلێکی وەرچەرخان لە پانتاییی نەســـتی چیرۆکەکەدا کار دەکەن و نەک هەر ئەوەی کە هەن، بەڵکوو ئەوەشی ناتوانن ببن، گرنگییەکی تایبەتی دەبێت. شیکردنەوەی کەسایەتییەکان لەم چیرۆکەدا دەبێت لە چوارچێوە ئـاســـانکراوەکـانی دەروونناســـی یـان شـــیکردنەوە

[2] زاراوەیەکی مێتافۆریک و چەمکئاسـایە، زۆرجار لە ڕەخنەی دەروونشـیکاری، فەلسـەفی، یان هونەریدا بەکار دەهێنرێت، کە ئاماژەیەکە بۆ پێکهاتەیەکی دەروونی یان گێڕانەوە کە کارەکتەرێک یان بەرهەمێکی هونەری لەسـەر بنەمای برینە دەروونییەکان و ئەزموونە تراوماییەکان لە قاڵب دەدات، نەک لەسـەر بنەمای لۆژیکی کلاسیک، هۆ و هۆکاری، یان یەکگرتوویی هێڵەکی.

[3] دیـاردەیەکـە کە دەروون یـان عەقڵی مرۆڤ تێیدا یەکگرتوویی خۆی لەدەســـت دەدات و پەرش و بڵاو دەبێتەوە، یان هەڵدوەشێتەوە و پارچەپارچە دەبێت.

[4] ناســنامەی پارچەپارچە یەکێکە لە گرنگترین چەمکە هاوچەرخەکان لە تێگەیشــتن لە بارودۆخی مرۆڤی مۆدێرن، جـا چ کۆچبەر بێـت، چ کۆڵۆنـەکراو بێـت، یـان لە فەزای فرەکولتووریـدا بژی. ئەم زاراوەیە یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی لەوە تێ بگەین چۆن مرۆڤەکان ڕەنگە چیتر نەتوانن پێناســەی "خود" بە گشــتی بکەن، لەگەڵ ئەوەی چۆن ناسنامەکانیان تێکەڵ بە ململانێ، هەڵپەساردن یان پارچەبوون دەبن.

کلاسیکییەکان بپەڕێتەوە و دزە بکاتە ناو هەناوی ئاڵۆزییەکانی زمان، جەستە و یادەوەرییەکانەوە.

کەسایەتیی سەرەکی، کە لە پانتاییی دەقەکەدا تەنانەت ناوێکی یەکلاکراوە و بەهێز و جێگیری نییە، لە ڕاستیدا خۆی سوژەیەکی لەرزۆکە[5] (sujet vacillant)؛ ناسنامەیەکی ناجێگیرە، کە ناوەوەی شوێنی یەکتربڕینی زمانێکی شکستخواردوو، یادەوەرییەکی کەموکورت و جەستەیەکی سزادراوە. ئەو نە قارەمانە، نە دژەقارەمان، بەڵکوو شایەتێکی بریندار ی مێژوویەکی کەسەکی و گشتییە. گێڕانەوەکانی پڕن لە بێتوانایی لە گوتن و لە سەرگەردانی لە نێوان یادەوەرییە گۆڕدراو و ئەزموونە سانسۆرکراوەکاندا.

لە دەروونشیکاری لاکانیدا، سوژە لە پەیوەندی لەگەڵ زماندا شێوە دەگرێت و هەمیشە لە لەدەستدان و گەڕان بەدوای ئۆبژەیەکی لەدەستچوودا دەژی. ئۆبژەی ئارەزوو (*objet petit a*)[6]ی کەسایەتییەکەی "میاو"یش لە سەرتاسەری گێڕانەوەکەدا، بەدوای شتێکەوەیە کە نە دەزانێت چییە و نە توانای ناولێنانیشی هەیە. ئەم ئارەزووە بێئامانج و پەرتەوازەیە، ئەو بەرەو پانتاییەکی پروێنەر بەکێش دەکات، کە تێیدا جەستە، ئارەزوو، یادەوەری و ناسنامە لەباری هەڵپەسێراندان. هەربۆیە کەسایەتیی سەرەکی دەبێتە شوێنی کەڵەکەبوونی ترس، تاوان، ئارەزوو و بێزاری؛ بەجۆرێك کە دەکەوێتە پێگەی سوژەیەکەوە کە بەهۆی زیانی بەردەوامەوە، لە شێوەی سروشتی تێگەیشتن لە خود و کەسانی دیکە دەرچووە.

پەیوەندییەکانی کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەشدا، هەر لەسەر بنەمای کردار نییە، بەڵکوو لەسەر تەوەری پەرچەکرداری تراوماتیك[7] شێوەی خۆی

[5] زاراوەیەکە بۆ ئاماژەکردن بە بابەتێک کە لە پێکهاتەی دەروونی، کۆمەڵایەتی، یان فەلسەفیی خۆیدا لە دۆخی لەرزین، ناسەقامگیری، پچڕان، یان هەڵپەساردندایە. بە پێچەوانەی وێنەی کلاسیکیی "سوژەی عەقڵانی جێگیر و خۆئاگا"وە، ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ بارودۆخی ئاڵۆز و پارچەپارچە و ناجێگیری مرۆڤی هاوچەرخ؛ بابەتێک کە لە نێوان هێزە دژبەیەکەکانی ناوەوە و دەرەوەیدا دێت و دەچێت.

[6] لە تیۆریی لاکانیدا (*objet a*)، ئۆبژەیەکی خەیاڵی و دەستپێڕانەگەیشتووە کە ئارەزووی مرۆیی دەخاتە جموجووڵەوە. ئەم ئۆبژەیە نە ڕاستەقینەیە و نە توانای بەخاوەنبوونی هەیە، ئەو "شتێکی ونبوو"ە کە سوژە هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێت. ئارەزووی مرۆڤ لەبری ئەوەی بگاتە ئەم ئۆبژەیە، خۆی لە فانتازیا و گەیشتن پێیدا دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا (*objet a*) نوێنەرایەتیی ئەو بۆشاییییە دەکات کە ناسنامە و ئارەزووی مرۆڤ پێک دەهێنێت و بەردەوامی پێ دەدات.

[7] بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئاڵۆز و چەندچینیی مرۆڤ بۆ ئەزموونە تراوماییەکان، کە دەتوانێت مێشک، جەستە، یادەوەری و ڕەفتاری مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ تێک بدات. ئەم کاردانەوانە نیشانەی

دەگرێت. ئەوانی تر، جا باوک، دایک، برا، خوشک یان دڵدار بن، زیاتر سێبەرن تا مرۆڤ؛ ئەوان لە دەروونی گێڕەرەوەدا زیاتر وەک سیمبۆلە ونبووەکان، لەدەستچوونە بنەڕەتییەکان و ڕەنگدانەوەی ئاوێنەیی لە قەیرانەکەی ئەودا ئامادەن. دایکێ، کە هیچ کاتێک بە تۆنێکی ڕاستەوخۆ قسە ناکات، باوکێ، کە یا نادیارە یان تەمێکەر، دڵدارێك، کە هەمیشە لەوبەری بۆشاییەکەوە دەوەستێت و دوورییەك دەپارێزێ - هەموویان لە جیاتی ئەوەی کارەکتەری سەربەخۆ بن، بوونەتە خولگەی ناکامیی دەروونی و کۆمەڵایەتی گێڕەرەوە.

ئەم کارەکتەرانە هەروەها لە ڕوانگەی کولتوورییەوە هەڵگری نیشانەکانی زەوتکردنن. ژن لە چیرۆکەکەدا، نەك هەر سوژەیەکی بڕیاردەر نییە، تەنانەت جەستەیەکی نیگەران (corps inquiet)یشە[8]؛ جەستەیەک کە لە نێوان بێدەنگی، ئارەزوو، هەڕەشە و بەزەییدا دەجووڵێتەوە. هەروەها کەسایەتیی پیاو، جا گێڕەرەوە بێت یان کەسانی دیکە، هەمیشە لەگەڵ قەیرانی پیاوەتیدا ڕووبەڕووە؛ پیاوێک کە یا بێدەنگە یان توندوتیژ، یا لاوازە یان هێرشکار. لە هەردوو بارەکەشدا، لە بونیادنانەوەی خۆیدا وەک بکەری ئاکارمەند و مرۆیی ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە. بەم شێوەیە، قەیرانی ڕەگەز لە نۆڤلێتەکەدا، تەنیا گرفتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو پێکهاتەییە؛ پێکهاتەیەک کە هاوکات، پیاو لە بەندی دەسەڵات و ژن لە بەندی ترسدا گیرۆدە دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، کەسایەتییەکان لە جیاتی ئەوەی گەشە بکەن، زیاتر لەناو پوکانەوە، سووان و بێگانەبوون لە خۆیاندان. لە چیرۆکە کلاسیکییەکاندا، گۆڕانکاری لە کەسایەتیدا نیشانەی مانایە؛ بەڵام لە "میاو"ی جێگر بەختیاردا، کەسایەتییەکان هەرچی زیاتر لە کۆتایی نزیک دەبنەوە، زیاتر لە مانا بەتاڵ دەبنەوە. ئەم دۆخە، بەرجەستەبوونی تەواوی سوژەی ڕووخانە: واتە کەسایەتییەک کە خۆی نە لە قسەدا، نە لە یادەوەریدا و نە لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبینێتەوە.

---

لاوازی نین، بەڵکوو هەوڵی جەستە و دەروونن بۆ مانەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەزموونێکی بەرگەنەگیراودا.

[8] واتە جەستەیەک کە تووشی نائارامی، دڵەڕاوکێ، لێکپچڕان، یان تووشی گوشاری دەرەکی و ناوەکی دەبێت؛ جەستەیەک کە چیتر ناتوانێت بە سادەیی "خۆی" بێت. ئەم چەمکە زۆرجار لە ڕەخنەی هونەری، دیاردەناسیی جەستە، شیکاری دەروونی و تیۆرییە هاوچەرخەکانی شوناسدا بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی جەستە وەک شوێنی برینداربوون و ململانێ و مێژوو سەیر بکرێت، نەک تەنها وەك قەوارەیەکی بایۆلۆژیی پەتی.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین کە کەسایەتییەکانی ناو ئەم نۆڤڵێتە ئاوێنەی شکاون. نە وێنەیەکی تەواو پیشان دەدەن، نە ڕێگە دەدەن بەردەنگ خۆیانی تێدا بناسنەوە. ئەوان پڕن لە گۆشەی کوێر و نادیار، دەنگی لەدەستچوو و وێنەی پارچە؛ هەر ئەم بابەتەشە کە ڕاستییەکی قووڵ و پچڕاویان پێ دەبەخشێت. ئەوان لە مەیدانی شکستی مانادا ئامادەن، نەك لە بەستێنی هۆکاریدا. شکست لە قسەکردن، شکست لە پەیوەندی و شکست لە بووندا. ڕەنگە هەر ئەم شکستەش، لوتکەی ڕاستگۆیی کەسایەتییەکان بێت.

**زمانی دەروونشێواو: شێوازی گێڕانەوەی برینئاسا**

زمان لە "میاو"دا تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی مانا، بەڵکو خودی ئەو بوارەیە کە دەروونشێواوی گێڕەرەوە تێیدا ئاشکرا دەبێت و ئەزموون دەکرێت. زمانی پەخشانیی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی ئاگایییانە لە یاساکانی زمانی پێوەر لا دەدات؛ لەتوکوت، خەیاڵاوی، تەقینەوەیی و ناهاوتەریبە. زمان لەم گێڕانەوەیەدا هەر ڕەنگدانەوەی جیهان نییە، خودی جیهانیشە؛ جیهانێک کە هەندێک جار وەک گرێکوێرەکانی زمانی فرۆیدی لە پێکهاتەی ڕستەکاندا ئاشکرا دەبێت. سودوەرگرتن لە ڕستەی کورت، دووبارەبووەوە و ڕستەسازیی تێکشکاو، هاوکات هەڵگری خێرایی ناوەکی گێڕەرەوە و پیشاندەری پارچەپارچەبوونی دەروونیی ئەوە.

شێوازی نووسین لە نێوان پەخشانی شاعیرانە و زمانی دەروونشێواوانەدا لەجووڵەدایە. گێڕانەوە هەندێک جار لە ئاستی زماندا نزیك دەبێتەوە لە گۆڕەپانی گوتاری خەیاڵشێواوی (discours hallucinatoire) ، واتە ئەو شوێنەی کە وشەکان تێیدا دەبنە ئۆبژەی دەروونی. دووبارەبوونەوەی سیمبۆل و وێنەکانی وەك "پشیلەی ڕەش"، "چاوی سەوز"، "مەمکی دایک"، "سەما"، "هەنار"، "میزبەخۆداکردنی شەوانە"، "دەمانچە"، باری سێمبۆلی و نەستی سەرکوتکراو دەردەخەن و لە پێکهاتەی دەقدا، تۆڕێک لە وێنە ئەفسانەیی و سیمبۆلییەکان دروست دەکەن، کە بە نەستی حیکاتخوانەوە گرێ دراون.

چیرۆکەکە بە شێوەیەکی ئامانجدار کەڵك لە شێوەی چەندشێوازی (hétéroglossie) وەردەگرێت؛ واتە لەتەنیشتیەکدانانی زمانە جۆراوجۆرەکان، لەوانە زمانی وەسفکردن، زمانی خۆمانی، زمانی سوبژێکتیف ـــ شاعیرانە و زمانی وڕێنەیی. ئەم چینچینەکیبوونەی زمان، لە یەکەم تەماشادا ڕەنگە هەڕەشە لە یەکگرتوویی شێوازی دەقەکە بکات، بەڵام لە کرداردا، یارمەتی یەکگرتوویی دەروونشێواوی (cohérence psychotique) دەقەکە دەدات؛ یەکگرتووییەک، کە لە ناوەوە پچڕاوە، نەک لە دەرەوە.

یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی شـێواز لە "میاو"دا بەکارهێنانی گێڕانەوەی خەیاڵشـــێواوی (narration hallucinatoire) و لێکپچڕانـی واژەیـی (dérive lexicale)یە؛ واتە شوێنێک کە وشەکان چیدی مانا هەڵناگرن، تەنانەت لە مانا بەتاڵ دەبنەوە و لـە شـــوێنی خۆیـاندا دەبنە دەنـگ، ڕیتم، دووبـارەکردنەوە و دەنگدانەوەکـانی زەین. لەم بارودۆخەدا، زمـان وەک جەســـتەیەکی نەخۆش دەردەکەوێت، واتـە زمـانێکە کە تەنگەژە، ئازار، ئارەزوو و برینە دەروونییەکان پیشان دەداتەوە.

بەتایبەتی دەبێت ئاماژە بە ڕۆڵی دووبـارەکردنەوەی پاتۆلۆژیکی لە پێکهاتەی زمـاندا بکرێت. لێرەدا دووبارەکردنەوە، تەنیا ڕەگەزێکی جوانیناسـییانە نییە، لە ڕاسـتیدا دەربڕینی دڕدۆنگیی زەینی (obsession mentale) و ئارەزووی قووتدراوە (désir refoulé)یە. واتە وشـــە و وێنەکان، بە دووبارەکردنەوەیان، یادەوەرییەکان زیندوو دەکەنەوە و قەتماخەی برینیش هەڵدەدەنەوە.

لە دەروونشـــیکاریدا وا دەردەکـەوێ کـە ئـەم دوو چـەمکە دوو دیاردەی جیاواز بن لەڕووی ڕواڵەتەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پەیوەندییەکی ناوەکی و پێکهاتەییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئارەزووی قووتدراوە، ئەو ئارەزووەیە کە لەلایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە یان ئەودیوی خود (surmoi)ەوە وەک قەدەغە یان مەترسـیدار ناسـراوە و بەرەو نەســت پاڵ نراوە؛ بەڵام ئەم ئـارەزووە، هەرگیز بە تەواوی نـاکوژێتەوە، بەڵکوو لە توێ نـادیـارەکـانی دەروونـدا بە چالاکی دەمێنێتەوە. لە زۆربەی بارەکاندا، گەڕانەوەی ئەم ئارەزووە قووتدراوە بۆ ئـاســـتی ئاگایی، لە چوارچێوەی دڕدۆنگیی زەینیدا ڕوو دەدات، نـەك بـە شـــێوەیـەکی ڕاستەوخۆ؛ واتە ئارەزووی قوودراوە ڕێگەیەک دەدۆزێتەوە تا بە شێوەیەکی ئاڵۆز، شاراوە و زۆرجار ناڕەحەتکەر، باری خۆی بەســـەر زەیندا بســـەپێنێت. لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت دڕدۆنگیی زەینی وەک دەنگدانـەوەی لـەڕێدەرچوو و دڵەڕاوکێدروســـتکـەری ئـارەزووی قووتـدراوە تەمـاشـــا بکرێـت، کە لە جیاتی بـەدیهـاتن، گۆڕاوە بۆ دووبـارەبوونـەوەیـەکی نەخۆشیئاسا لە ئاستی ئاگاییدا. بە دەربڕینی فرۆیدی، ئەوەی سەرکوت دەکرێت، بە ناچاری دەگەڕێتەوە – جا ئەم گەڕانەوەیەش، هەندێك جار لە بەرگی دڕدۆنگیدا، زەین داگیر دەکات.

کـەواتـە دەکرێـت بڵێین کـە زمـان لەم چیرۆکەدا، لە کۆتـاییدا دەبێتە ئـامرازێـک بۆ دروستکردنی جیهانێکی ناوەکی، نەک نمایشکردنەوەی جیهانێکی دەرەکی. هەربۆیە دەبینین کە نووسەر کەڵکی لە تواناکانی زمان بۆ دروستکردنی کەشێکی دەروونکرژ (neurotique) و تێکەڵ بە کەلێنە بوونناســـییەکان وەرگرتووە. لە ئەنجامدا، شـــێواز و زمان لە "میاو"دا

بەتەنیا ئامرازی گێڕانەوە نین؛ خودی بابەتی گێڕانەوەن؛ دەربڕی ئەزموونێکی ناوەکیی سوژەیەکن کە لە لێکپچڕانە زەینییەکان، زمان و جەستەدا پەرتەوازە بوون.

**قەیرانی شوناس و تراوما : تێمە دەرونی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان**

نۆڤڵێتی "میاو" لە چینە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا، دەپەرژێتە سەر تێمگەلێکی بەرفراوان و ئاڵۆز، قەیرانتەوەر و چەندئاستی، کە سەرباری لایەنی دەروونی و تاکەکەسی، لە ئاستی کۆمەڵایەتی، کولتووری و زمانناسیشەوە شایانی شیکردنەوەن. لەوانە دەتوانرێت سەرنجێکی خێرا لەم بابەتانەی بدرێت:

1. لێکپچڕانی ناسنامە و پارانۆیا: نۆڤڵێتەکە پڕە لە نیشانەکانی منی لەرزۆك (je instable) و ڕووخانی سنوور لە نێوان سوژە و ئۆبژەدا. گێڕەرەوە ناتوانێت جێپێی خۆی جێگیر بکات و لە جیاتی کردار، لە ڕەنگدانەوەکان و تەماشاکردنەکانی ئەوانی دیکەدا دەتوێتەوە. سەرنج دەدەین کە پارانۆیا لە بەدگومانییەکانی بۆ دەوروبەرەکەی و لێکدانەوە خەیاڵاوییەکانی بۆ دەنگەکان، شتەکان و دەموچاوەکانی دەوروبەریدا دەبینرێت. ئەم بارە، دەرکەوتنی ڕوونی قەیرانە لە خۆنمایشکردنەوەدا. دەستەواژەی "منی لەرزۆك" لە گێڕانەوەی پاشپێکهاتەخوازیدا نیشانەیەکە لە ڕووخانی سوژەی کلاسیک؛ سوژەیەک کە چیتر یەکگرتوویی، یەکێتی یان ناوەندێتی تێدا نییە. ئەم سوژە لەرزۆکە، بەرهەمی زمانێکە کە خۆی سەر لە مانا دەشێوێنێ و ئیتر ئامرازێک نییە بۆ دەربڕینی ناسنامە، بەڵکوو خۆی هۆکاری شکاندن و چەندپارچەکردنی ناسنامەیە. دێریدا بە چەمکی "جیاوازی" و لاکان بە تیۆریی "سوژەی درزبردو" دەری دەخەن کە هەر جۆرە جێگیرییەکی دەروونی یان زمانی، وەهمێکە کە پێکهاتەی زمان و ئارەزووی ناتەواو، بەردەوام تێکی دەدەن. بۆیە "منی لەرۆزك" وەک خودێکی ناجێگیر، وێنەی سوژەیەکە کە لە نێوان ئارەزوو و زمان، ئاگایی و نائاگاییدا، هەمیشە لە جموجووڵدایە. لەم دۆخەدا سنووری نێوان سوژە و ئۆبژەش چی دی ڕوون نەماوە. ئەو ئۆبژەیە کە سەردەمانێک بڕیار بوو ئۆبژەی زانین یان خاوەندارێتی بێت، ئێستا دزەی کردووەتە ناو بابەتەکەوە و لە ناوەوە بەتاڵ و ناجێگیری کردووە. گێڕانەوەی پاشپێکهاتەخوازی، لەبری ئەوەی لە دەرەوە نوێنەرایەتی واقیعێکی بابەتی بکات، وێنای خۆئاگایی لە دۆخێکی هەڵپەسێردراو و پارچەپارچەبوون و تێکەڵبوون لەگەڵ ئەوی دیکەدا دەکات. حیکایەتخوانی گێڕانەوەیەکی وەها، گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزان نییە، بەڵکوو دەنگێکی لەرزۆکە کە هەندێک جار شکست دەهێنێت لە جیاکارییەکی پتەو لە نێوان خود و

ئەوی تر و واقیع و فانتازیادا. لێرەدا سوژە لە یەک کاتدا دەبینێت و دەبینرێت، دەنووسێت و دەنووسرێت.

2. تراومای منداڵی و پاتەبوونەوەی لە گەورەییدا: گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکە دیلی ئەو برینە دامرکاوانەیە کە لە منداڵییەوە لە کۆڵی نابنەوە. دەڵەمیزبوونی شەوانە، دەستدرێژی، ڕەتکردنەوەی لەلایەن دایک و باوک و نەبوونی ئەوینی سەرەتایی. هەموو ئەمانە لەودا بە شێوەیەکی خولگەیی دووبارە دەبنەوە. یادەوەری، ڕابردوویەکی تێپەڕیو نییە، ئێستایە، بارێکی زیندووە و هەمیشە ئەگەری بۆگەڕانەوەی هەیە، هەربۆیە لە هەر بەشێکی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێتەوە. ئەم دووبارەبوونەوە پاتۆلۆژیکە کارکردنێکی دەروونشیکارانەی هەیە و دەربڕی بێتوانایی گێڕەرەوەیە لە تێپەڕین بەرەو قۆناغەکانی جێگیرکردنی بارە دەروونییەکەی.

4. سەرکوتکردنی سێکسی، سوکایەتی پیاوەتی، پەیوەندی لەگەڵ جەستە و ڕەگەز: لە "میاو"دا، جەستە شوێنی سەرکوتکردن، ئارەزوو، ترس و نکۆڵیکردنە. مردنی سێکسیی حیکایەتخوان و ترسی بەرکەوتن، ئەندام، یان دەستلێدان، نیشانەی ڕووخانی پەیوەندی تەندروست لەگەڵ ڕەگەزە. ئەزموونی سەرەتاییی ئەو لەگەڵ "نەشمیل" و دواتر لەگەڵ "ئەسرین"، لە خولگەی شەرم، تاوان و ترسدا دروست دەبێت، نەک لەسەر بنەمای خۆشی. بۆیە لێرەدا جگە لەوەی ئارەزووی سێکسییەکەی قبوڵ ناکات، تەنانەت ڕقیشی لێی دەبێتەوە – واتە جۆرێک لە خۆسووکایەتیی سێکسی کە پێکهاتە نێرینەکەی دەلەرزێنێت.

5. پەراوێزنشینی و ئەوی تربوون لە خێزان و زانکۆ و کۆمەڵگادا: گێڕەرەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا هەست بە "ئەوی تربوون" دەکات؛ جا چ لە ماڵەوە، کە خوشک و برا دووانەکەی ڕەتی دەکەنەوە، یان لە زانکۆ و بەشەناوخۆیی کە هاوپۆلەکانی گاڵتەی پێ دەکەن و گۆشەگیری دەخەن. ئەو هەرگیز ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگا نییە، بەڵکوو چاودێرێکی بریندار و دەربەدەرە لە زێدی خۆیدا و قوربانیی زمانی زۆرینەیە. هەربۆیە هەستی بێماڵوحاڵبوونی سیمبۆلیک بابەتێکی دووبارەبوونەوەیە لە گێڕانەوەکەدا.

6. هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی خێزان و نائاساییبوونی دایک و باوک: لەم بەرهەمەدا دامەزراوەی خێزان شوێنی پشتیوانی نییە، بەڵکوو جێگەی سەرنجی بریندارکردن و دارمانە. باوک کەسایەتییەکی نادیار، بێدەسەڵات یان توندوتیژە؛ دایکیش خیانەتکار، پاسیڤ یان هاوبەشە لە ستەمکردندا. ماڵەکە، لەبری پەناگەیەک، بووەتە مەیدانی دیمەنی تراوماتیك. پێکهاتەی چیرۆکەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خێزان چیتر یەکەیەکی مانادار نییە، بەڵکوو شوێنی بەرهەمهێنانی گۆشەگیری و پشێوی و دارمانە.

7. یاریکردن لە نێوان سنوورەکانی واقیع و فانتازیادا: تەواوی گێڕانەوەکە لە نێوان سنووری واقیع و فانتازیادا دەسوڕێتەوە. کارەکتەری سەرەکی نەک هەر نازانێت ئەوەی دەیبینێت ڕاستەقینە یان وەهمە، بەڵکوو نووسەر بە ئەنقەست لە ڕێگەی تەکنیکەکانی دەستێوەردانی گێڕانەوە (superposition narrative) و شکاندنی کات (anachronie) ەوە خوێنەر لەم دوودڵییەدا نوقم دەکات. بوونی توخمە سورریالییەکانی – وەک پشیلە سەوزەکە، ئەو ژنە قژ سوورەی کە دەبێتە پشیلە، یان دەمانچەی خەیاڵی – هەموویان ئاماژەن بۆ داڕمانی دەرککردن.

بۆیە بەیەکەوە، دەکرێ بڵێین تێمەکانی "میاو" تۆڕێکی ئاڵۆز پێک دەهێنن، کە نەک تەنیا ئاماژە بە ئازاری تاکەکەسی دەکەن، بەڵکوو ئاماژە بە قەیرانە ئۆنتۆلۆژی و ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییەکانیش دەکەن. بۆیە گێڕانەوەکە بێجگە لە ئاستی ڕووداو، لە ڕووی زمان و کات و جەستە و یادەوەریشەوە سەرلەنوێ تراوما دروست دەکاتەوە.

**ئەدەبیاتی تراوما: "میاو" لە بەستێنی مێژوو و کولتووری پەراوێزیدا**

لە "میاو"دا، زەمینەی مێژوویی و کولتووری تەنیا پاشخانێک نییە بۆ ڕووداوە گێڕانەوەییەکان، بەڵکوو کۆنتێکستێکی ئۆنتۆلۆژیشە کە کردار و برین و زمان و یادەوەرییەکان ڕەگی تێدا دادەکوتێت. ئەم چیرۆکە لە شوێنێکدایە کە دەتوانرێت پێی بڵێین "دەرکەوتنی نووسینی پەراوێزخراو لەناو پەراوێزخستندا". لەم ڕوانگەیەوە چیرۆکەکە نە دەکەوێتە ناو نەریتی کلاسیکیی کوردییەوە و نە لەناو ئەدەبیاتێکی ناوەندخواز و فەرمیدا جێی دەبێتەوە؛ لەڕاستیدا ئەم نۆڤلێتە لە یەکتربڕی ئاوارەبوونی کولتووری، تراوماکانی بێدەنگیی قوتداراوە و ئەو برینە دەروونییانەدا هەڵکەوتووە کە لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، ئاین، زمان و ڕەگەزەوە بەرهەم دەهێنرێنەوە. لە پێکهاتەی کولتووری نەریتیی کوردیدا، خێزان وەک بنەڕەتیترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، ناوەندی گواستنەوەی بەها و ڕۆڵ و بێدەنگییە. کەچی لەم چیرۆکەدا پێکهاتەی خێزان نەک هەر بەشێوەیەکی لێکپچڕاو بەڵکوو وەک یەکەیەکی ژەهراوی وێنا کراوە؛ چونکە چیرۆکەکە بە دانانی خێزان لە چەقی دامەزراوەی کولتووری نەریتیی کورددا دەست پێ دەکات، بەڵام لە ناوەوە هەڵیدەوەشێنێتەوە. باوک، بەرجەستەکەری نەریتی پیاوسالاریی سەرکوتکەر، دایک، دایک، لە یەک کاتدا ئۆبژەی ئارەزووی سێکسی و توخمی خیانەتکارە؛ هەڵگری دژایەتییەکە لە نێوان مێینەیی و ئێرۆتیزمدا و منداڵەکانیش، قوربانیانی بێدەنگی خولانەوەکانی نکۆڵیلێکردن و سووکایەتین. ئەم خێزانە، لە دڵی گێڕانەوەیەکدا کە دەتوانرێ

وەك "ئەدەبیاتی تراوماتیك" ناو بنرێ، دەبێتە قۆناغێک بۆ نواندنەوەی برینە مێژووییەکان. ئەو برینانەی کە بەرهەمی تاک نین، بەڵکو پێکهاتەیەکی کولتوری توندوتیژن. چیرۆکەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، پەیوەندیی باوک و کوڕ بۆ چوارچێوەیەک دەگۆڕێت کە تێیدا برینە وجودییەکان دروست دەبن؛ ئەو برینانەی کە نەک هەر لە کولتووری بێدەنگی و شەرمەزاری کوردیدا ساڕێژ نابن، بەڵکوو بەردەوام دەکولێنەوە.

زمانی کولتووری لەم چیرۆکەدا، شوێنی توندوتیژیی سیمبۆلیکە؛ زمانێک کە لە جیاتی پەیوەندیکردن، دابەشبوون دروست دەکات؛ زمانێک کە لە دڵی کولتووری پیاوسالارانەی کوردیدا، دەسەڵات دەچەسپێنێت و جەستە سەرکوت دەکات. وشەکان بارگرانییەکی قورسی کولتووری هەڵدەگرن و هەر وشەیەک هەڵگری مێژوویەك لە شەرم و تاوان و نکۆڵییە. کارەکتەری سەرەکی، لە ململانێی نێوان زمانی دایکی و زمانی نەریتی پیاوسالاری و ئاینیدا، ناتوانێت بابەتیبوونی خۆی پێک بهێنێت. جەستەی وەک زمانەکەی پەرتەوازە و سەرکوتکراوە و بێدەسەڵاتە.

لە ڕوانگەی کولتوورییشەوە، چیرۆکەکە وێنەیەکی تاریک و تاڵ لە "پیاوی کورد لە قەیراندا" دەخاتە ڕوو؛ پیاوێک کە لەبەردەم ژن و ئارەزوو و لاوازی و جەستە و یادەوەریدا دەڕوخێت. نە هێزی کۆنترۆڵکردنی هەیە و نە ئازایەتی هەڵهاتنی هەیە؛ تەنیا هێندەیە پیاوسالاری خۆی لە خۆدارمانێکی تووڕە و شەرمەزاردا دەنێژێت. گێڕانەوەکە، وێنەیەکی شاراوەی توندوتیژییەکی ناوەکیبوو (violence intériorisée)[9] دەخاتە ڕوو؛ توندوتیژییەك کە ڕەگوڕیشەکەی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەکردنی ڕەگەزیدا هەیە و لە جەستە و دەروونی گێڕەرەوەدا بەرجەستە دەبێت.

کولتووری بێدەنگبوون، کە لە کۆمەڵگەی نەریتیی کوردیدا بەدامەزراوە کراوە، بە درێژاییی چیرۆکەکە ئامادەیە. کارەکتەرەکان ناتوانن بە زمان قسە بکەن، ڕاستییەکان دەر بخەن و ئەزموون دەربڕن. ئەم بێدەنگییە زۆرەملێیە بەتەنیا ئاماژەیەك نییە بۆ نەبوونی ئازادی، لە هەمان کاتدا جۆرێکە لە بێتوانایی پێکهاتەیی بۆ ڕووداوگەلێك کە مل بە گێڕانەوە

[9] توندوتیژیی ناوەکیبوو ئاماژەیە بۆ ناوەکیکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوە، ڕەفتارەکان، یان نۆرمە باڵادەستەکان لەلایەن تاکێکەوە؛ ئەو نۆرمانەی کە لە ڕاستیدا زیانبەخشن بۆ تاک. ئەمەش دەتوانێت بیروباوەڕی نەرێنی سەبارەت بە گروپەکەی خۆی یان لێکدانەوەی هەڵە بۆ پەیوەندییەکانی باڵادەستی لەخۆ بگرێت. ئەم چەمکە بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ توندوتیژیی سیمبۆلیدا کاری پێ دەکرێت، کە ژێردەستەکان نۆرم و ستاندارەکانی سەروەترەکان لەناو خۆیاندا ناوەکی دەکەنەوە و ڕەوایەتییان پێ دەدەن، بەمەش پەیڕەوێکی کۆمەڵایەتیی نایەکسان دێتە ئاراوە و بەردەوامی بەخۆی دەدات.

نادەن. چیرۆکەکە بە شکاندنی ئەم بێدەنگییە، لە ڕاستیدا فۆڕمێک لە بەرخۆدانی کولتووری پێشکەش دەکات.

هەروەها لە نۆڤڵێتەکەدا، دژایەتی نێوان فەزای کولتووری – شار و گوند – وەک دوو بواری سیمانتیك دەردەکەوێت. لە گونددا جەستە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئارەزوو سەرکوت دەکرێت و زمان لەگۆ دەخرێت. لە شاردا، جەستە ئازادە، بەڵام ناجێگیرە و تووشی پووچی دەبێت. هیچ کام لەم دوو شوێنە ئاسایشی سوژە دابین ناکەن؛ ئەو لە هەردوو شوێنەکەدا، وەک دەربەدەرێك لە وڵاتەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە، دەتوانرێت ئەم نۆڤڵێتە وەک مانیفێستێکی گێڕانەوەیی "بوونی پەراوێزەکی لە پەراوێزی کولتووردا" بخوێنرێتەوە؛ گێڕانەوەیەک کە شوناسی کوردی لە برین، جەستە، ژن، شەرمەزاری، دەستدرێژی و زمانە گۆنەکردووەکەیدا وەبیر دەهێنێتەوە. بەهۆی ئەمەشەوەیە کە لێرەدا گێڕانەوە ئامرازێک نابێت بۆ نواندنەوەی کولتوور، بەڵکوو کردەیەکی نەشتەرگەرییە لەسەر جەستەی؛ کردەیەکی بە ئازار، بەڵام پێویست بۆ دەربڕینی ئەوەی کە چەندین سەدەیە سەرکوت کراوە: ئازاری بێناوی مرۆڤی پەراوێزخراو.

لەبەر ئەمەیە لێرەدا شار و لادێ، وەک دوو کایەی کولتووریی دژبەیەک، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. لەلایەکەوە لادێ شوێنێکە بۆ سەرهەڵدانی خورافات و گوشاری کۆمەڵایەتی و دەستدرێژیی شاراوە و نەبوونی گوتاری سێکسی؛ لە لایەکی دیکەوە، شارەکەش – بە هەموو دەرکەوتە مۆدێرنەکانیەوە – بووەتە فەزایەکی پڕ لە گۆشەگیری، توندوتیژی و ناسەقامگیری دەروونی. هیچ کام لەم دوو فەزایە پەناگە نین؛ بەڵکوو گۆڕەپانێکی شێواون کە تێیدا سوژە مەحکومە بە لەدەستدانی ناسنامە و ڕەتکردنەوە. یەکێک لە لایەنە کولتوورییە گرنگەکانی چیرۆکەکە، پیشاندانەوەی "ترس لە ژنانی مۆدێرن"ە. ژنانێکی وەک ئەسرین و نەشمیل و تەنانەت دایکەکەش هەرگیز لە پێگەی سوژەی چالاکدا دەرناکەون، بەڵکو هەمیشە لە دۆخێکی هەڵپەساردندان لە نێوان حەز و هەڕەشە، شتشاردنەوە و ئاشکرایی، خۆشەویستی و توندوتیژیدا. ئەمەش دەتوانرێ وەک ڕەنگدانەوەی "قەیرانی پیاوسالاری لە کولتووری هاوچەرخی کوردیدا" لێك بدرێتەوە؛ قەیرانێک کە پیاوان نە توانای کۆنترۆڵکردنی ژنانیان هەیە و نە توانای دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست و پڕسۆز لەگەڵیاندا.

نۆڤڵێتی "میاو" ڕەگێکی قووڵی لە بەستێنی کولتووری کوردیدا هەیە، بەڵام وەک نواندنەوەیەکی نۆستالژیکی ڕابردوویەکی شکۆمەند یان وێنەیەکی پەسەندی ژیانی گوندنشین نییە. ئەوەی لەم گێڕانەوەیەدا بەرچاوە، نواندنەوەی "دیوە تاریکەکەی کولتوور"ە؛ بوارێکی لاکەوتە و داڕماو و ڕەتکراوەی ژیانی مۆدێرنی کوردی، کە لە چوارچێوەی سنوورە

شـــاراوە و قەدەغەکراوەکانی گوتاری گشـــتیدایە. ئەم چیرۆکە بوێرانە خۆی لە گێڕانەوەی فەرمی و نەتەوەسەنتەری کوردی دوور دەخاتەوە و لەبری ئەوەی "ناسنامە"یەکی کولتوری بنیات بنێتەوە، پەردە لەسەر ئەو درز و دژایەتی و برینە زیندووانە هەڵدەداتەوە کە لە خێزان و جەستە و زمان و یادەوەریدا خۆیان حەشار داوە.

## دەقئـاوێزان: گفتوگۆی برینـدار لـەگـەڵ دەقـە کولتووری، دەروونشـــیکـاری و ئەفسانەییەکاندا

لە چیرۆکی "میاو"دا، دەقئاوێزان (intertextualité) نەک تەنیا وەک ئامرازێک بۆ ئاماژەکردن بە دەقەکانی دیکە، بەڵکوو وەک پێکهاتەیەکی ناوەکی و سروشتی لە گێڕانەوەدا کـار دەکـات؛ میکـانیزمێـک کە دەق لە ڕێگەیەوە، لە جیهـانی دەوروبەری خۆیـەوە سـەرچاوەکانی بژێویی خۆی وەردەگرێ، بەکێشـــی دەکات، خۆی لێ دوور دەخاتەوە و لە کۆتاییشدا سەرلەنوێ خۆی دەئافرێنێتەوە. ئەم ئەم ئەفراندنەوەیە لەسەر بنەمای لاساییکردنەوە نییە، بەڵکوو لەســـەر بنەمای بەرەنگاری، نکۆڵیکردن، بونیادنانەوە و لادانی داهێنەرانە لە مانا ڕوو دەدات.

چیرۆکەکە بەو شـــێوەیە دیزاین کراوە کە وەك ئەوەی لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ مێژوویەکی نەنووســراودا؛ مێژوویەک کە لە یادەوەرییە ســەرکوتکراوەکان، وشــە قەدەغەکراوەکان، هەســتە خنکێنراوەکان و جەســتە پەراوێزخراوەکاندا بوونی هەیە. ئەم مێژووە لە ئاستی دەقەکەدا بە شێوەی تێم، زمان، وێنە و فەزاکانی گێڕانەوە ڕەنگ دەداتەوە و ڕۆڵی دەقگەلێك دەگێڕێت کە دەقەکەی ئێمە لەگەڵیاندا لە گفتوگۆی ناخودئاگادایە.

بۆ نموونە، هەر جارێک حیکایەتخوان باســی مەمکی دایک، دەمانچە، مەقەســتی دەلاك، بۆنی میزبەخۆداکردنی شــەوانە یان تەماشـــای ژنی قژســـوور دەکات، ئێمە لەگەڵ تۆڕێک ئاماژەی کولتووری، سیمبۆلیک و دەروونی ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە گێڕانەوەکە لە ئـاســـتی هێڵـەکی و گێرانەوەیی ئـەولاتر دەبـات و دەیخـاتە دووتوێی بواری ڕامـانـە جیاوازەکانەوە. ئەم توخمانە هەروەک "گرێی دەقئاوێزان" (nœuds intertextuels) کار دەکەن، کە یادەوەری، ڕەگەز، زمان و توندوتیژی لەدەور کۆ دەبێتەوە.

دەقئاوێزان لە "میاو"دا زیاتر بە شـێوەی بەکێشـکردنی ناخودئاگای دەقە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کار دەکات. گێرانەوە، زمـانی نەریتیی دینی، فێرکارییە پەروەردەییەکان، ئەفسـانە خێزانییەکان و سـیسـتەمە بەهاییە باوەکان بەکێش دەکات، بەڵام یەکسـەر لە ناوەوە

وێرانیان دەکات. ئەم پرۆسەیە "دەقئاوێزانی ڕەخنەیی" (intertextualité critique) دەهێنێتەوە یاد، کە تێیدا دەق بە بەرهەمهێنانەوەی مانای هەڵبژێردراو و خولگەیی، بەرەنگاری پێکهاتەکانی دەسەڵات و زاڵێتی دەبێتەوە.

تەنانەت فۆڕمی گێڕانەوەی چیرۆکەکە – پچڕانەکان، پاتەبوونەوەی دڕدۆنگانە، بزوتنێکی بەرزونزم لە نێوان ڕابردوو و ئێستا، بازدانی کاتەکی و زمانی – دەتوانرێت وەک جۆرێک لە دەقئاوێزانی پێکهاتەیی (intertextualité structurelle) لێك بدرێتەوە؛ چونکە ئەم فۆڕمە، شێوازەکانی گێڕانەوەی فەرمی و دامەزراوەیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لەبری ئەوە پەیڕەوێکی نوێ، بەڵام پڕئاژاوە و بریندار پێشکەش دەکات. لە ڕوانگەی ڕێبازی دەقئاوێزانەوە، دەتوانین بڵێین "میاو" دەقێکە کە بە بەکارهێنانی توخمە کولتوورییە هاوبەشەکان، ئەزموونە تاکەکەسییەکان بە ئاستی دەستەجەمعیەوە دەبەستێتەوە. دەنگی گێڕەرەوە تەنیا یەک دەنگ نییە، بەڵکوو دەنگدانەوەی زۆرێک لە دەنگی سەرکوتکراوە کە هەرگیز دەرفەتی گێڕانەوەیان نەبووە. گێڕانەوەی ئەو لە کاتێکدا تاکەکەسییە، بارگرانیی کۆیادەوەری کولتوورییش هەڵدەگرێت؛ یادەوەرییەکی پارچەپارچە و شەرمەزار و چەپێنراو کە تەنیا لە تاریکی و کەلێنەکانی زماندا سەرهەڵدەدات.

لە ئەنجامدا دەقئاوێزان لەم چیرۆکەدا نەك هەر ئامرازێکی ئەدەبییە، بەڵکوو شێوازێکی ژیانیشە لە جیهاندا. چیرۆکەکە لە ڕێگەیەوە هەوڵ دەدات شوێنێک بدۆزێتەوە بۆ قسەکردن، شوێنێک بۆ دەستلێدانی مانا، تەنانەت ئەگەر ئەو مانایە برینێک بێت. ئەم دەقئاوێزانبوونە هاوکات لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن لە گێڕانەوەدا، بەردەنگ فڕێ دەداتە ناو قووڵاییی ئەزموونی حیکایەتخوانیشەوە؛ ئەزموونێک کە لە نێوان سنوورە کولتووری و زمانی و دەروونییەکاندا هەڵواسراوە.

لە ڕووی دەقئاوێزانەوە، "میاو" لە پێکهاتەی مانا شاراوەکانیدا یەکێکە لە دەوڵەمەندترین و ئاڵۆزترین گێڕانەوەکان، لە گفتوگۆدا لەگەڵ تۆڕێک لە دەقەکانی تردا. ئەم گفتوگۆیە نەک تەنیا لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکان بەڵکوو لەگەڵ سیستەمی دەروونشیکاری، فەلسەفی، ئەفسانەیی، ئاینی و فۆلکلۆریی کوردیشدا بەردەوامە. ئاماژەی ڕاشکاوانە و ناڕاستەوخۆ بۆ دەقەکانی پێشوو، بەتایبەتی شیعری کلاسیکی کوردی، ئەدەبیاتی دەروونشیکاری، بەرهەمە مۆدێرنیستییە ئەوروپییەکان و هێما ئارکیتایپییەکان، وای کردووە کە کۆنتێکستی واتاسازیی گێڕانەوەکە بۆ لێکدانەوە فرە چین و کراوە بێت.

یەکەم و دیارترین نمونەی ئاماژە، بوونی شیعری شاعیری کلاسیکی کورد نالییە. ئاماژەکردن بە بەیتێکی نالی نەک تەنیا لە ئاستی وشەکاندا ئامادەیە، بەڵکوو لە کەشوهەوای

نۆستالژیک و لێکپچڕاو و تەنیایی گێڕانەوەکەشدا ئامادەیە. نالی وەک سیمبۆلی "من خۆشەویستێکی گۆشەگیری بێدەسەڵاتم"، لە دڵی کارەکتەری گێڕەرەوەدا ڕەنگ دەداتەوە. شیعری نالی دەبێتە دەنگدانەوەیەکی زمانی بۆ نیشاندانی شکستی پەیوەندی سۆزداری و دوودڵی سوژە لە بەرامبەر لەدەستدانی خۆشەویستدا.

پاشان، ئامادەیی گیانی دەروونشیکارییانەی کلاسیک – بە تایبەت فرۆید و لاکان – لە ڕووی خوازەیی و پێکهاتەییەوە گێڕانەوەکەی تەنیوەتەوە. تێمەکانی "گەڕانەوەی چەپێنراوان" (retour du refoulé)[10]، "وڕێنە وەک هەقیقەتی دەروون" (hallucination comme vérité psychique)[11] و "ئاوێنە وەک دروستکەری من" (le stade du miroir)[12] هەموویان لە زمان و فەزا و پێکهاتەی دەروونی گێڕانەوەکەدا دەردەکەون. پشیلەی ڕەش، ئاوێنە، مەمکی دایک، نەشمیلی منداڵ و چەك لە گێڕانەوەکەدا هەموویان هاوتای سیمبۆلیکی ئەم چەمکانەن کە لە زمانی فرۆیدییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

هەروەها هۆنای گشتیی چیرۆکەکە، لە ڕووی پێکهاتەی گێڕانەوەوە، بە توندی شێوازی مۆدێرنی ئەوروپی و بە تایبەتی بەرهەمەکانی فرانز کافکا و دۆستۆیڤسکی بیر

---

[10] چەمکێکی سەرەکییە لە دەرونشیکاریی فرۆیددا. ئاماژەیە بۆ دیاردەی ناوەرۆکێکی چەپێنراو لە نەستدا، کە بە شێوەیەکی گۆڕاو و نەویستراو و ناڕاستەوخۆ، دەگەڕێتەوە نێو دەروون. ئەم چەمکە لە ڕاستیدا واتە پاڵنانی شتێک بەرەو نەست بەهۆی قبوڵنەکرانی یان ئازاردەرییەکەیەوە (بۆ نموونە ئاوات، ئارەزوو، یادەوەری یان خەیاڵ)، کە لە فۆڕمە گۆڕاوەکانی وەک خەون، خزینی زمان، بیرچوونەوە، نیشانەکانی دەمارگیری، یان تەنانەت کردەی ڕەفتاری سەیروسەمەرەدا خۆیان نیشان دەدات.

[11]ئاماژەیە بۆ ئەزموونێک کە ئەگەرچی لە جیهانی دەرەوەدا ڕاستەقینە نییە، بەڵام نوێنەرایەتی واقیعێکی ناوەکی و نەستەکی و سۆزداری بۆ تاک دەکات. لای فرۆید و لاکان، وەسوەسە یان وڕێنەك دەتوانێت گەڕانەوەی ئارەزووی چەپێنراو یان یادەوەرییەکان بێت، کە لە شێوەی دەنگ یان وێنەی خەوناویدا دەردەکەون، نەک ڕاستەوخۆ دەربڕدرێن. ئەم ئەزموونە تەنیا بەهەڵەدتچوونێکی دەروونی نییە، بەڵکو فۆڕمێکە لە دەرکەوتنی هەقیقەتێکی دەروونی چارەسەرنەکراو لە نەستدا.

[12] قۆناغی ئاوێنە یان دروستتر "ئاوێنە وەك دروستکەری من" چەمکێکی لاکانییە کە ئاماژەیە بۆ قۆناغێک لە گەشەکردنی منداڵدا (نزیکەی ٦ بۆ ١٨ مانگ) کە تێیدا منداڵ لەگەڵ بینینی وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا، سەرەتا "خۆ" وەک کۆیەکی یەکگرتوو دەناسێتەوە. ئەم ئەزموونە سەرەتای دروستبوونی "ئیگۆ"یە، بەڵام لەسەر بنەمای واقیعی ناوەکی نییە، بەڵکوو لەسەر بنەمای وێنەیەکی دەرەکی و خەیاڵییە، کە دەبێتە هۆی نامۆبوون. منداڵ خۆی لە وێنە یان لە نیگای کەسێکی تردا (وەک دایک) دەبینێتەوە و ئەم پشتبەستنە بە "ئەوی تر" دەبێتە هۆی ئەوەی ناسنامەکەی هەمیشە تا ڕادەیەک ناتەبا و ناجێگیر بمێنێتەوە. ئەم قۆناغە خاڵی چوونەناو ڕیزبەندی خەیاڵییە و بناغە بۆ پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ لە تیۆریی لاکانیدا دەستەبەر دەکات.

دەخاتەوە. فەزای داخراو و سوبژێکتیڤی لەرزۆک و نەبوونی دڵنیایی و باڵادەستی وڕێنە و دڵەڕاوکێ، بەرهەمە مۆتەکەئاساکانی کافکا بەبیر خوێنەر دەهێننەوە. وەک چۆن پاڵەوانەکانی کافکا لە ژێر کۆنترۆڵی میکانیزمە نەناسراو و ستەمکارەکاندا بێدەسەڵاتن، بە هەمان شێوە لە نۆڤڵێتی "میاو"دا کارەکتەری سەرەکی لە بەرامبەر پێکهاتەکانی دەسەڵاتی خێزانی و ئاینی و کولتووریدا بێدەسەڵاتە و بریندارە.

سەرباری ئەمانە پەیوەندیی گێڕانەوەکە لەگەڵ جیهانی ئەفسانەیی و فۆلکلۆری کوردیدا زۆر ئاڵۆز و فرەچینە. پشیلەی سەوز یان ژنەی پشیلە ـــ قژ سوورەکە، بوونەوەرە نیمچە ئەفسانەییەکانی نێو حیکایەتە زارەکییەکانی گوندنشینەکان دەهێنێتەوە یاد. ئەم بوونەوەرانە بەزۆری هەڵگری دووانەیی دنەدان و هەڕەشەن؛ ختوکەی دڵ دەدەن، بەڵام کوشندەن. لەم ڕوانگەیەوە، کارەکتەری ژنەپشیلە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ژولیا کریستیڤا پێی دەڵێت "مێینەیی ئەهریمەنی" (féminin monstrueux)[13]. لەلایەکی ترەوە، لەسەر ئاستی زمان و تەکنیکی گێڕانەوە، پەیوەندی بە بەرهەمی نووسەرانی وەک ویلیام فاکنەر و جەیمس جۆیسیشەوە هەیە. بەکارهێنانی مۆنۆلۆگی ناوەوە و پچڕانی کاتەکی و دووبارەکردنەوەی وڕێنەئاسای وشەکان، تاقیکردنەوە ئەدەبییەکانی شەپۆلی هۆش بیر دەخەنەوە کە لە سەدەی بیستەمدا لە ڕۆژئاوا پەرەی سەندووە. بەڵام لە "میاو"دا ئەم تەکنیکانە لەجیاتی بەکارهێنانیان وەك فۆرمێکی ئەدەبی مۆدێرن، زیاتر وەک ئامرازێک بۆ ڕەنگدانەوەی دەروونناسیی بیرکردنەوەی تراومایی بەکارهێنراون.

دواجاریش، گێڕانەوەکە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە لە گفتوگۆی ئاگامەندانەدا بێت لەگەڵ نەریتە جیاوازەکانی گێڕانەوە و دەقی کولتووریدا. ئەم گفتوگۆیە لاساییکردنەوە نییە،

---

[13] چەمکێکە کە ئاماژە بە نوێنەرایەتییە کولتووری و دەروونشیکارییەکانی ژنان دەکات وەک شتێکی نهێنی، بزواندن، یان هەڕەشەئامێز؛ ئەو ژنانەی کە وا بیردەکرێتەوە کە ئارەزوو، جەستە یان دەسەڵاتیان لە دەرەوەی سیستەمی مرۆڤسەنتەری بێت و هەربۆیە وەک ئەهریمەن، جادووگەر یان فیتنەگەر وێنا دەکرێن. ئەم نوێنەرایەتییانە ڕەگیان لە ئەفسانە و هونەر و شیکاری دەروونیدا هەیە (وەک تیۆریی لاکان سەبارەت بە ژنان وەک "ئەوی تری ڕادیکاڵ") و زۆرجار لە ترسێک لە ژنانە، وەک شتێکی تێنەگەیشتوو یان کۆنترۆڵنەکراو سەرچاوە دەگرن. جولیا کریستیڤا باس لەوە دەکات کە مێینەیی و جەستەی مێینە، بەتایبەتی پرسەکانی وەک سوڕی مانگانە و منداڵبوون، زۆرجار لە کولتورە پیاوسالارەکاندا وەک ئەهریمەنیی یان هەڕەشەئامێز سەیر کراون بەهۆی پەیوەندییان بە "ناپاک"ەوە (واتە ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی بێزاری و ڕەتکردنەوە). ئەم نوێنەرایەتییانە کاردانەوەن بەرامبەر بە ترس لە شتێک کە پەیڕەوی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی پیاوسالاری تێک دەدات و هەرس ناکرێ. بە سادەیی، مێینە لەم ڕوانگەیەدا شتێکە کە هەم پێویستە و هەم دەترسێنێت، هەر بۆیەش لە کولتورەکاندا وەک ئەهریمەن دەردەکەوێت.

بەڵکوو قەیران و لێکپچڕانە. نووسـەر بە بنیاتنانەوە، نکۆڵیکردن، یان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دەقانە، لە ڕاستیدا دۆخی کولتووری خۆی دەنووسێتەوە؛ دۆخێک لە نێوان یادەوەری و زمان و جەستە و سنووورە قەدەغەکراوەکاندا دەژی.

**بەرئەنجام: گێڕانەوە لە پەراوێزی شکستدا**

لە ڕوانگەیەکی نوێ و هەمەلایەنەوە، ئەوەی نۆڤلێتی "میاو" دەباتە دەرەوەی سنووری گێڕانەوەیەکی دەروونشێواوانە یان ئەزموونێکی تەواو تاکەکەسییەوە، ئەو شێوازەیە کە دەق لەگەڵ جەستە و زمان و یادەوەریدا، وەک ئامرازی بەرخۆدانی کولتووری و وەرگرتنەوەی سـوژە لە جیهانێکی پارچەپارچەدا، گفتوگۆ دەکات. ئەم بەرهەمە، سـەرباری ئەوەی کە چیرۆکێکە، دەبێتە پرۆژەیەک بۆ ئاشکراکردن و پەردەلەڕووهەڵماڵین، ناسینەوە و شـکاندنی سووڕەکانی دووبارەبوونەوەی سەرکوتکردن و قەدەغەکردن و خەساندنی بوونەکی.

خاڵێک کە بە درێژاییی ئەم تێرامانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەمتر باسی لێ کراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا لە تانوپۆی گێڕانەوەکەدا ئامادەیە، لۆژیکی "ئەڵقە ونبووەکانە". چونکە ئەگەر ورد سـەرنج بدەین چیرۆکەکە لەسـەر بنەمای نادیارەکان دامەزراوە: نادیارە دروسـتکەرەکان، نادیاری دایک، نادیاری دەنگی ئەویندارانە، نادیاری ڕزگاری، نادیاری گفتوگۆ، کە هەموویان لەجیاتی "ئامادەبوون" بەجۆرێك لە جۆرەکان پێکهاتەی گێڕانەوە لەسـەر "کەلێنەکان" بنیات دەنێن. ئەم کەلێنانەش، وەک ئەوەی لە تیۆریی دەروونشـیکاریدا هاتووە، دەبنە هۆی دروسـتبوونی ئارەزوو و گێڕانەوە و تەنانەت مانـاش. چیرۆکەکە، کەلێنەکان پەروەردە دەکات، گوێیان لێ دەگرێت و لە ڕێگەیەوە زمان دروست دەکات.

لەلایەکی دیکەوە جێگر بەختیار لەوەدا سـەرکەوتووە کە فۆڕمێک لە بەرەنگاری لە بەرامبەر زمانی دامەزراو و باڵادەسـتدا دروست بکات. ئەمەش نەک لە ڕێگەی دروشـم و کردەی ڕاستەوخۆوە، بەڵکوو لە ڕێگەی باشـگۆنەکردن، سەرلێشێواوی، بێدەنگی و پووانی زمانی فەرمییەوە. زمان لەم چیرۆکەدا، تا ئاستی مردن دەڕوات، بەڵام هەر لەم سنووورەدا، ئەگەری لەدایکبوونەوەیەکی دیکەش دێتە پێشـەوە؛ لەدایکبوونەوەیەك کە زوڵاڵ نییە، بەڵام برین و سـێبەر و دڵەڕاوکێی لەگەڵدایە. ئەمەیە کە دەتوانین ناوی "زمانی تراوماتیك"ی لێ بنێین: زمانێک کە خۆی بریندار بووە و لەگەڵ ئەوەشـدا ئامرازێک نییە بۆ چاکبوونەوە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ ئاشکراکردن و وەستان لە لێواری شکستدا.

لە ڕوانگەی جوانیناسییەوە، ئەم نۆڤلێتە جۆرە گێڕانەوەیەکی نوێ پێشکەش بە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی دەکات، واتە تێپەڕین لە گێڕانەوەی ئیپیکی یان شکۆمەندکردنی ئازار و چوونە ناو ئەو ئەزموونانەی کە ناتونرێ بگێڕدرێنەوە، ناو قەڵەمڕەوی زمانێکی لێکهەڵوەشاوە و خەیاڵگەلێکی لەگرێژنەچوو. لەم دەقەدا شوناس لەسەر بنەمای مێژوو یان خوێن نییە، بەڵکوو لەسەر بنەمای گرژییە دەروونییەکان و ئایکۆنە ونبووەکان و سنوورە شاراوەکان بنیات نراوەتەوە. ئەم گۆڕانکارییەش، جۆرێکە لە گۆڕانی بنەڕەتی لە پارادایمی گێڕانەوەی هاوچەرخی کوردیدا.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین "میاو" تەنیا چیرۆکێک نییە بۆ خوێندنەوە، لەڕاستیدا دەقێکە کە دەبێ ئەزموون بکرێت؛ ئەزمونکردنێك بۆ بوێریی خوێنەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ نەگوتراوەکاندا، بۆ جووڵەکردن بەناو عەقڵێکی تاریکدا، دواجاریش بۆ بەرکەوتنی ئەو ڕاستییەی کە لە نەگوتراوەکاندا شاراوەتەوە. ئەم چیرۆکە نە بەڵێنی ڕزگاری دەدات نە دڵنەوایی، بەڵام بوێری ئاشکراکردنی هەیە. ئەمەش بۆ خۆی جۆرێک لە هەقیقەتە. "میاو"، نوسینەوەی خەیاڵێکە کە هەوڵی داوە خۆی لە سنووری شکست ڕزگار بکات؛ تەنانەت ئەگەر ڕزگارییەکیش لەئارادا نەبێت، ئەوا لە پرۆسەی گێڕانەوەدا شوێنپێی خۆی بەجێ بهێڵێت. ئەم شوێنپێیە، ڕەنگە لەرزۆک بێت، یا ناجێگیر، بەڵام زیندووە. هەر ئەم زیندووبوونەش، شتێکە کە ئەدەب بە بوونەوە دەبەستێتەوە.